# خوای گەورە بەرز وشکۆدار دەفەرموێت: من بە گوێرەی گومانی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کە زیکر ویادی من بکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خوای گەورەی بەرز وشکۆدار دەفەرموێت: «من بە گوێرەی گومانی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کە زیکر ویادی من بکات، والله، خودا زیاتر ئاسوودەیە لە یەکێک لە ئێوە کاتێک کە شتومەکە ونبووەکانی دەدۆزێتەوە لە بیابانێکی چۆڵدا، ئەوەی بستێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من باڵێک لە ئەو نزیک دەبمەوە، وئەوەی باڵێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من دوو باڵ لە ئەو نزیک دەبمەوە، ئەگەر بێت بۆ لام بە ڕێکردنەوە ئەوا من بە خێراییەوە دێم بۆ لای» ئەمە ریوایەتی (مسلم)ە، وهەمان ریوایەت لە هەردوو (صحيحين) هاتووە کە خودا دەفەرموێت: «من لەگەڵ ئەودام لە هەر کاتێک یان شوێنێک یادی من بکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە بە گوێرەی گومانی بەندەکەیەتی؛ ئەگەر بەندەکەی گومانی خێر ببات ئەوا خێری بۆ دەبێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: (أنا عند ظن عبدي بي، إن ظن بي خيراً فله، وإن ظن شراً فله) [مسند أحمد]، واتە: (من بە گوێرەی گومانی بەندەکەمم، ئەگەر گومانی خێر بە من ببات ئەوا خێری بۆ دەبێت، وئەگەر گومانی خراپە بە من ببات ئەوا خراپەی بۆ دەبێت)، بەڵام چی کاتێک بەندە دەبێت گومانی باش بە خوای گەورە ببات؟ گومانی باش دەبات کاتێک ئەوەی لەسەری واجبە ئەنجامی دەدات؛ پاش ئەمە داوای فەزڵی خودا دەکات وڕەجای لێدەکات وهیوای باشی بە خودا هەیە بەوەی کردەوەکانی لێ قبوڵ بکات، بەڵام ئەگەر بەردەوام گومانی باش بە خوای گەورە ببات وکردەوە نەکات؛ ئەمە هیوایەکی بێ بنەمایە، وشوێنکەوتنی هەوا وئارەزووە وڕێبازی ئەوانەیە کە گومانی باش دەبەن بەوەی خێریان تووش ببێت لە کاتێکدا ئەوان بەردەوامن لە تاوان بۆیە ئەمە ڕێبازی شکستخواردووانە هیچ سەرمایەیان نیە کە بۆی بگەڕێنەوە. ئیبن القيم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (دوودڵی لەوەدا نیە کە گومانی چاک دەبێت چاکەکاری -کردەوەی چاکی- لە گەڵدا بێت، بۆیە ئەو کەسەی چاکەکارە گومانی باشی هەیە بە پەروەردگاری کە پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکانی وخوای گەورە پێچەوانەی پەیمانەکانی نابێت وتەوبەی لێ قبوڵ دەکات). حەسەنی بەسری دەڵێت: (ئیماندار گومانی باشی بە پەروەردگاری هەیە بۆیە کردەوەی چاک ئەنجامدەدات، وتاوانکەر گومانی خراپی هەیە بە پەروەردگاری بۆیە کردەوەی خراپ ئەنجامدەدات). پاشان باسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە ڕێزداتر وبەخشندەترە لە بەندەکەی؛ ئەگەر مرۆڤ بستێک لە خوای گەورە نزیک بێتەوە ئەوا خوای گەورە باڵێک لە ئەو نزیک دەبێتەوە، وئەگەر مرۆڤ بە باڵێک لە خودا نزیک ئەوا خودا دوو باڵ لە ئەو نزیک دەبێتەوە، وئەگەر ئەو تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای خودا بە ڕۆیشتن؛ ئەوا خودا دێت بۆ لای ئەو بە خێراییەوە، چونکە ئەو بەخشندەترە وزووتر وەڵامی بەندەکان دەداتەوە. وئەم فەرموودە لەوانەیە کە ئەهلی سونە باوەڕیان بە هەقیقەتی هەیە بەڵام نازانین چۆن ئەم خێرایی ڕۆیشتنە ڕوودەدات وئەم نزیک بوونەوەیە چۆنە، وچۆنیەتی ئەم کردەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ خودا، ونابێت قسەی تێدا بکەین، بەڵام باوەڕمان بە ماناکانی هەیە. وخودا بە دوو شێوە لە گەڵ بەندەکەی دەبێت: 1/ تایبەت: ئەمیش بۆ پشتیوانی وسەرخستنە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە، 2/ گشتی: ئەمیش زانستی خودایە سەبارەت بە هەموو شتێک وتوانا ودەسەڵاتی خودایە بە سەر هەموو شتێکدا، وئەمانەیش سیفاتێکی هەقیقی خوای گەورەن وشایستەیەن بە شکۆداری ومەزنی پەروەردگار.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee